# ئاوابوونی ژیان

# ئاوابوونی ژیان

## شیعر

حەمەی کەریمی

2010

# ناسنامە

**ناوی کتێب: ئاوابوونی ژیان**

**بابەت: شیعر**

**نووسەر: حەمەی کەریمی**

**پیتچنین: مەریوان، ئاراس کامپیۆتەر**

**ئاراستنی: سامان خوسرەوی**

**ڕووبەرگ: موختار هووشمەند**

**ساڵی لە چاپدان: 2010**

**چاپخانەی:**

**ئەژمار: 500 دانە**

**نرخ: 1000 تمەن**

**مافی لە چاپدانەوەی بۆ نووسەرە**

# پێرست

| | |
|---|---|
| ژیان | 10 |
| نامۆیی | 11 |
| ئاوابوونی ژیان | 12 |
| چیرۆکی غەمگین | 13 |
| رازی تەنیایی | 14 |
| بۆ وڵاتە مەرگ دۆستەکان | 16 |
| ساتەکانی تەمەن | 18 |
| تاوان | 20 |
| هیوا کوڕێکە و کەسێکی‌تر | 21 |
| وێستگەی خەونە سپییەکان | 26 |
| دیاری | 31 |
| بۆ شاعیرە یاخییەکان | 32 |
| یاسا | 33 |
| ئەویندارێی | 34 |
| سێ پەندی مێژوویی | 36 |
| خۆشەویستی | 37 |
| شەیدایی | 38 |
| مەملەکەتی عیشق | 40 |
| ئێوارەی فیراق | 41 |
| وەرزی بێ‌تۆیی | 43 |

پێشکەشە بەو خوێندکارانەی دەستە ئەهریمەنیەکان نەیانتوانی لە گوڵدانی سەریاندا دڕک بچێنن،

بەو ئاسکە کچانەی خۆیان نەسووتاند.

بەو شۆخە کوڕانەی بەوەفا بوون بۆ زەوی.

کاروانی شیعر درێژە، ڕەنگە درێژتریش بێ. بێگومان ئاسمانی شیعر و ئەدەبی کوردی؛ پرشنگدارترە بەو ئەستێرە گەشانەی کە درەوشانەوەیان بێکۆتاییە.

لەم جیهانە نەگریس و تەماوییەدا، شیعر کڵاورۆژنەیەکە کە بۆنی سۆز و مۆسیقا و ژیانی لێ دێ.

## «ئێمە جیهانمان لە ڕێگای شیعرەوە ناسی»

کۆماندات مارکۆز

**تەنیا فاکتەرێک بوو بە هۆی هاندانم بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە، بەرگریکردن بوو لە کوشتنی ئەو خولیاو یاداوەریانەی کە سەردەمانێک هەڵقوڵاوی بیرو هەست و تێڕوانینی من بوون.**

# ژیان

ژیان

لە ساتە قۆڕەکانی

ئەم تەمەنە درێژانە دەچێ،

ئەو

ساتانەی

بەهەشتەکانی خوا،

پڕن

لە

بەتاڵی،

## نامۆیی

لەگەڵ رابوردنی یەک دەقیقە و چرکەسەعاتێکدا

من ئێستاکە مەرگی خۆم

سانیەژمێر دەکەم.

ساتەکان واتێپەڕین و

ئێمە قەت یەکترمان نەدۆزیەوە.

کاتەکان وا بەسەر چوون و

ئێمە هەرگیز یەکترمان

نەناسیەوە.

دۆزینەوەمان ئەو کاتەیە

باڵندەکان لە مرۆڤ ناترسن ...

ناسینەوەشمان ئەو چرکەساعەتەیە

مەودای

نێوان ئینسان و حەقیقەت

دەڕووخێ

# ئاوابوونی ژیان

من هاتووم

هاتووم لە دەلاقەی ئەم نیشتمانەغەمگینەدا

شیعرێک بهۆنمەوە

من هاتووم، هاتووم لە کلاو رۆژنەی

ئەم جیهانە تەماوییەدا

تیشکێک بۆ ئەم شیعرە بدۆزمەوە

هاتووم لە دڵی ئەم ئەستێرەنوێیەدا

تەنیایی مرۆڤ بە خۆم بڵێم،

هاتووم، دیسانەوە هاتووم

نیچە ئاسا، ببمە جارچی مەرگی خودا

تا ئەو کاتەی حەقیقەت سەر دەکات بە ماڵی ژیاندا

# چیرۆکی غەمگین

هەناسەی من لەم نیشتمانی ئازارەدا

لە مامزێکی پێکراوی راونراو ئەچێ

ئەم چیرۆکە شووشەیەک میسکی

بەرباخەڵی یار بۆی وتم

سەری شیعر لەم وڵاتی بوومەلەرزەدا

لە کرێکارێکی سەرشکاوی بەرپێی جەللادەکان ئەچێ

ئەم حیکایەتە

شاعیرێکی یاخی

پێی وتم کە کەم ژیا

# ڕازی تەنیایی

ئازارێکی

گرنج گرنج

وەک گرنجی بەژنی ژاڵە

وەکوو گرنجی دەمەو ئێوارەی

ئەو شەپۆلە کۆچەریانە،

رۆحێکی شەکەت و تەزیو

وەک دەست و قاچ تەزیوی

کۆڵبەرێکی

شانزدە ساڵە

هەوارێکی چۆڵ و پڕهاوار

وەک حوجرە چۆڵەکەی "نالی" لە ئەستەمبووڵ

شیعرێکی سەرهەڵگرتوو

چەشنی

ئەو باڵندە کۆچەرانەی

چۆن عەشقی

گەرمیان و کوێستان

سەریان پێ هەڵدەگرێ؟

دەنگێکی ئێجگار لاواز

لاواز

هێندەی کارژۆڵەیەکی تەنیا

خۆشەویستییەکی

نامۆ

بە قەد نامۆیی دەنگێکی بەرز لەم گۆڕستانەدا

ساڵەهایە بوونەتە چاویلکەی ماسیی زەرد و سووری

ناو دەریاچەی سەرم.

# بۆ وڵاتە مەرگ دۆستەکان

من

خەونەکانم لەودیو ژیان دەخوێنمەوە.

من

ئەوینم

لە گۆڕستان پێتان دەڵێم

من

دەبێ

هەموو ڕۆژێک چەند دەقەیەک گوێ بیستی

ئەو حەیرانانە بم

کە باس لە کوشتنی ئیرۆس[1] دەکەن

لە وڵاتێکی مەرگ دۆستدا و

لە پێتەختی کوشتارگەی «ئەوین»دا.

1 – لە فەلسەفەی یۆنانی کوندا بە مانای خودای عەشق و خۆشەویستییە.

من پێویستە «ئیرۆس»ی خۆم لەگەڵ خۆمی بەرم و

لە بەردەم خوادا بیناسێنم،

کە ژیان لەم وڵاتەدا هێندە بچووک بێ،

کێ دەڵێ جێی «ئەوینداری» تیا دەبێتەوە؟

# ساتەکانی تەمەن

ژیان پڕە لە کۆتاییەکانی تەمەن.

مەرگی پەپوولەیەک،

مزگێنی ئاوابوونی جەللادێکە.

بێزارم لەو قەتارەی موسافیرەکانی باوکمی تێدان،

لەو باڵندەیەش بە ئاسمانی خەونەکانی ئەوا دەفڕێ

من

وەڕسم[1] لە بێزاری و

لەو هەناسانەی

لە شەقامێکی

سپیپۆشدا

ژیان ڕۆحیان دەکرۆژێ و نانیش گیانیان دەخوات

1 - وەڕس: ماندوو.

تامترین[1] ساتەکانی ژیانم

بە نیگای منداڵێکدا

تێدەپەڕێ و

تاڵترینیش

کاڵبوونەوەی قژێکی قەترانی

---

1 - بەتام و بەچێژ.

# تاوان

چەند تاوانە ئەویندار بی و بەڵام ئەوین پێت نەزانێ.

تاوانتر لەوەش پەپوولەیەک بۆ چرایەک بسووتێ و

کەچی ڕووناکیی لە چرکەیەکدا بۆی نەڕوانێ،

یان چاوەڕێی تلووعی گوڵ هەنارێک بی

کە هەرگیز ناپشکوێ.

ئەی خودای گەورە و گران!

ئەو تابلۆ بچووکەی ئێمە بەشی ئەو هەموو تاوانە ناکات،

مەگەر عەرشی تۆ

جێی ئەو هەموو تاوانەی تیا بێتەوە.

# هیوا کوڕێکە و کەسێکی‌تر

بنووسە

تا دوا هەناسەی ژیانی

درەختێکی بێدالْدە.

بنووسە

بنووسە بۆ سەرەتای وەرزێکی ساواق[1]،

تا مردنی پەلکەگیایەک،

زەردبوونی منداڵێک،

خنکانی ماسییەک،

بنووسە.

مەوەستە و

بنووسە

تا قژێکی قەترانی،

تاکوو مردنی پەلکەڕەشەکانی دایکت و

1 - بەفروکڕێوە ـ هەوای زۆر سارد

کاڵ بوونەوەی دەنگێکی سپی.

بنووسە و مەوەستە

لە ئاستانەی وەرزی نیساندا،

بۆ ژنراڵی پاییز

بۆ دارستانێکی پرچ هەڵوەریو

تا دەگاتە بەردەمی حەق

هەر بنووسە و مەوەستە.

بۆ پاسپۆرتە ژەنگاویەکەی "باوکت".

بنووسە

لە نێوان رق و ئەویندا جودایی نەماوە،

بنووسە

لەم وڵاتەدا لە نێوان باوک و

جاودانیدا مردن نەماوە.

وەک چۆن لە نێوان عەشق و فەنابوون

جودایی نەماوە.

ئەی کتێبە خنجیلانەکەم!

کام قەڵەم دەتوانێ

لە بیرەوەریەکانت خۆی بدزێتەوە؟

کام ورزەیە بتوانێ

یاداشتەکانت بسڕێتەوە

ئەی گوڵی چاو بە ئەسرین

یاداشتێکی پڕ لە حەز و ئەوین،

تۆ خۆت "مەسخ"[1]ی

چراخانی شەوە نووتەکەکانی

کافکای!

تۆ قارەمانی چیرۆکەکانی

چخۆف و هدایەتی!

دواهەمین هەناری دنیایت!

بۆیە دەبێ

یاداشتی ڕۆژانەت

1 - ناوی یەکێک لە چیرۆکەکانی کافکایە.

پڕ بن لە قرچەقرچ سووتان و لە هەڵچوون و هەڵکفان.

پڕ بن لە حەز و

ئەوین و بریان.

تۆ هەر ساتە و

دەبێ نووسینێکت

بۆ بێوەژن تەرخان بکەی

تۆ هەردەم

دەبێ کۆشکێکی تر

بۆ خوشکە سپییەکان

ساز بکەی

تۆ هەر ئێستاکە

دەبێت

خانوویەکی تر بۆ

ئەم نەسڵە

بینا بکەی

من و تۆ

پیاوی ناو جەنگەڵە

ڕەواقەکانی

ئەم مێژووەین

زادەی ڕەنج و

خولیا و ئەوینین،

بۆیە دەبێ

بەرەی داهاتوومان

سپی‌تر کەین.

# ویستگەی خەونە سپییەکان

**«پێشکەشە بەو کوڕە شۆخانەی لە پێناو ژیانێکی ئینسانیدا ڕەندانە ژیان»**

من لە ئێستادا

لێوانلێوم لە تەنیایی و

پڕپڕیش لە نامۆیی.

من زووتر دەبوو ئەم خەونەم

بڕەتاندایە[1].

من دەبوو ئەو وەختەی حەرفی

یەقینم دەخوێندەوە

ئەم ئەسپە سەرکەشەم وێڵ کردبایە.

من هەر دەبوو ئەو کاتەی لە ویستگەی

«سمعنا و اطعنا» دابەزیم

نەڕۆشتمایە

من هەر دەبوو ئەو ئارامشە کاز بەم

1 - ڕەتاندن ماندوو کردنی کوشندە

لای خۆم

هەڵگرتبایە.

ئەی مۆسیقارە سپییەکان

لەم سەفەرەتان

زوو وەرنەوە

دوور دوور بمبەن

بەرەو شاری خەونەکان هەڵم بگرن.

من ئێستاکە

تاوانبارم؟

تاوانی ئەو گوڵە سپیانەی بەخەنجەری منارە

ئەنجن ئەنجن کران و

بە باڵایان شیعرم هەڵبەست،

تاوانی ئەو درەختە ساوایانەی

لە بەر پێی جەللادەکان

یەک لە دوای یەک سەربڕران و

من شانۆم بۆ ساز کردن

تاوانبارم

تاوانبار؟

تاوانی ئەو باغچە نەورەسانەی

بە شمشێری غەدر و بیابان دەست و قاچیان بڕین و

فرمێسکی سپیم کردە ملوانکەی شیعر و لە گەردنیانم

هەڵاوسان.

تاوانی ئەو کورە شۆخانەی

دەستە ئەهریمەنیەکان

لە گوڵدانی سەریاندا

درکیان چاند و من گوڵم تیا ڕواندن.

تاوانبارم

تاوانبار؟

تاوانی ئەو ئاسکە کچانەی

لە کوورەی هۆلۆکاستی پیاوسالاریدا

ئەسووتان و

من هەڵبەستم بۆ کردن بە هەتوان.

تاوانی ئەو بێوەژنە

کەڵەگەتانەی

بە بیانووی شەرەف

قەفقەف

قژیان دەبڕینەوە و

من تاری ئەوینم بۆ لێ ئەدان.

تاوانی ئەو ئینسانە مەزنانەی

دەستەکانی جەهل و غەدر لە "خاچیاندان" و

من سروودی دەلالۆ، دەلالۆ ... لالۆم بۆ چڕین

تاوانبارم

تاوانبار؟

من لە ئێستادا

لە سەردەمی ئەم زریان و "وەیشوومە"[1]دا،

لە سەردەمی هۆلۆکاستی ئەم هیتلەر و

[1] – وەیشوومە: نەهامەتی و نەگبەتی.

فیرعەونەدا،

لە ئێستادا

لە گەردەلوولی ئەم تۆف و کرێوەدا،

لەم ئوقیانووسە بە پێلە[1]دا،

هەمووسان بە پێکەنین تاوانبارین

ئەی مۆسیقارە سپییەکان لەو سەفەرەتان زوو وەرنەوە

دوور دوور بمبەن بەرو شاری خەونە سپییەکان، هەڵم بگرن

لە خۆتان نزیک نزیکم بخەنەوە

زوو وەرنەوە

زوو وەرنەوە

زوو

زوو

[1] – شەپۆلدار

# دیاری

چیت بۆ بێنم؟

فنجانێک قاوەی داخ

یان پەرداخێک ئاوی سارد؟!

دەترسم دایکت بیکا بە بیانووی تێکچوونمان

ئاوەڵ کراسێکی پەمەیی

یان پێڵاوێکی قۆزی ئەمریکی

دەترسم بەمەش باوکت بزانێ و

بۆ تۆ کفنێکی سپی و بۆ منیش تابووتێکی ئاڵ دروست بکا.

ڕۆژمێرێکی سەدەی بیستەم

یان ئالبۆمێکی بەتاڵ.

دەترسم بەمەش جیرانەکەتان بزانێ و

بانگی ڕسوابوونمان بکات.

تەنیا کاغەزێکت دەدەمێ ڕەقەمی تەلەفۆنێکی لێ نووسرابێت.

# بۆ شاعیرە یاخییەکان

من

تەنیایی

بە پەنجەی

ڕووناکیی

ئەئاژۆم[1] و

ئێوەش نانی سووتاوی

پوورە «خەجەکەی» نیشتمانن و

توێشووی سەفەری ڕێی هەندەران.

[1] – ئاژواندن: خستنە سەر حەرەکەت بە حەرەکەت دەرهێنان

# یاسا

یاسا، لێرە یانێ کۆمەڵێ چەمکی فاسد

بەر لەوەی بمرین

زایۆینەکان ئەزەلیەتی ئێمەیان

پێ هەڵوەشاند.

ئەمە قسەی ساتوورێکی خوێنتاڵ بوو کە زۆر ژیا

# ئەویندارییی

خۆشم دەوێیت

ئەی کچە ئەفسووناوییەکە

هێندەی خۆشی

یەکەم باڵەفڕەی پاسارێیک،

هێندەی خۆشی یەکەم تەڕبوونی زەوی بەر باران.

خۆشم دەوێیت ئەی خانمە تەلیسماوییەکە

هێندەی خۆشی یەکەم بزەی

دایکم لە کاتی نزاکردندا،

هێندەی خۆشی یەکەم لە رینەوەی گەڵایەک

کاتی هەڵکردنی با.

هێندەی خۆشی یەکەم سەوزبوونی درەختێک لە ساتەوەختی

ئاوابوونی بەهاردا.

خۆشم دەوێیت

ئەی

نیشتمانە جوانەکەم

هێندەی خۆشی یەکەم

گەڕانەوەی شاعیرێ لە مەنفاوە بۆ زێدەکەی

هێندەی خۆشی شەهیدێک

ساتەوەختی بینینی سەرکەوتن،

بەڵام چیبکەم

خۆشەویستیتان رووبارێکە

و تەنیایی من بەشی ناکات

# سێ پەندی مێژوویی

یەکەم:

ئەتوانیت ببیت بە زریان و

هەموو ڕووبارێک بتەزێنی

بەو مەرجەی

درەخت ببێتە دڵدارت

بەڵام هەرگیزاوهەرگیز

باڵندەیەکت بۆ ناتەزێ

دووەم:

ئەتوانیت ببیتە تراویلکە و مەرد و نامەرد بسڕیتەوە

بەڵام هیچکات خۆشەویستی پێت ناخڵەتێ

سێیەم:

دەتوانیت ببیت بە بورکان و هەموو شاعیرێک بسووتێنی

بەڵام قەت شیعرێکت پێ ناسووتێ

# خۆشەویستی

خۆشەویستیت لە ڕۆژ ئەچێ

کاتێ کە هەڵدێ

سپی سپی

ئەمبووژێنیتەوە.

خۆشەویستیت لە ڕۆژ ئەچێ

کاتێکیش

ئاوا دەبێ

ڕەش ڕش

گوڵی هیوام

ئەوەرێنی.

# شەیدایی

لەگەڵ

ئاوابوونی ڕۆژ

دایکت

لە گیانەڵاوی[1] ژانا

تۆی بە دنیا بەخشی،

بەڵام ڕۆژ لە ساتەوەختی بینینی تۆ

شەرم گرتی و

لە بەقەمدا[2] خۆی بینییەوە،

بۆیە هەموو ساڵێک

لە ئێوارەی لەدایکبوونی تۆ

[1] – گیانەڵاو: وەختی گیان دان/ بە ژانەوە تەلاندنەوە تایبەتی ژنان کاتێک منداڵیان دەبێ.

[2] – بەقەم: رەنگێک زوو کاڵ ببێتەوە.

چواردەی هەموو مانگێک

بۆ هاوسەرە چاوشینەکەی

پرسەیەک دەگرێ

# مەملەکەتی عیشق

لە پێتەختی هەنار و مەملەکەتی سێودا

چیت بینیوە لە هەڵووژە کاڵتر و

لە پرتەقاڵیش پاییزیتر ...

# ئێوارەی فیراق

ئەوینەکەم

ئەی جوانترین شیعری سەدەی بیستەم

لە ئێوارەی دابڕانا

بە دیتنت بریا تاسەم دەشکا

لە ئێوارەی فیراقدا

وەک هەڵووژەی دەم بەخەندە

بزەت ئەتکایە

سەر لێوم.

لە ئێوارەی ئاوابووندا

بریا ئەو کاتەی

چاوەڕوانت بووم

ئابڕووم ئەتکا،

من دەزانم

خۆشەویستی ئابڕووم دەبات

ئەوینەکەم

ئەی جوانترین شیعری ئەم سەدەیەم

ئاخۆ رۆژێک بێ

ئەم تاقە شیعرەم بانگەشەی رسوابوونم  بکات

ئاخۆ

بلێی

کاتێک نەبێ

یان خۆ

ساتێک نەبێ

ئەم ئێوارە فیراقە

لە یازدەی

سپتامبرێکدا

نەبێت بە

تەقینەوەی

خۆشەویستی

نێوان من و تۆ!

# وەرزی بێ تۆیی

تەنیایی

زەریایەکە و

وەرزی

بێ تۆییش

پەرداخێک

پڕ لە هیچ

بەڵام چ بکەم

لە تەنیایی

مندا

جێی نابێتەوە.

سپاسی ئەو هاوڕێیانە دەکەم کە لە بڵاوکردنەوەی ئەم

کتێبەدا یارمەتیاندام